# بەخێربێن بۆ دۆزەخ....بەخێربێنەوە بۆ دۆزەخ...

## جەمال کۆشش

لەخۆپیشاندانەکانی شاری بیرن لە6ی ئۆکتۆبەر گروپی چەپە ملیتانتەکان بەرامبەر حزبی ڕاستی سویسرا, ئەم شیعارەیان نووسیبوو. وە لەڕاستیدا جۆرێك تەنووریان بۆ هەمان حزب دایساند. ئەو ڕووداوە جەمسەرە توندڕەوە دژ بەیەکەکانی دەستەویەخەی یەکترلەسەر شەقامە تەسك وکۆلانەتەنگەبەرەکانی شاری کۆنی بیرنی سویسری بەرەو ڕووی یەککردەوە. ئەو ڕووداوە ڕەهەندی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینی, هێلێکی سووری کێشا بۆ مالّی حزبی ڕاست. بەلاّم لەهەلّبژاردنەکانی سویسرا ئەو لەبەرامبەر ڕەقیبە هاو خێزانەکانیدا سەرکەوتنێکی بچووکی بەدەستهێنا. چەپی توندڕەو دوورن لەوەی لەو گەمەی پەرلەمانە ببنە لایەنێك. ئەوان خەونێکی زۆر عاشقانەیان هەیە. خەونی ئەوەی خەیالاّتی حزبی ڕاست تێك وپێکدەدەن. ئەوان ووتیان بیرن دەکەینە بەغداد. لەمڕۆژانەی داهاتوودا دیسانەوە بلۆخەر وحزبی ڕاست دەبنەوە بەسەردێری ڕۆژنامەو هەوالّی ڕادیۆوتەلەفزیۆنەکان, چونکێ لە9.12 هەلّبژاردنی 7 بوندس ڕاتەکە ئەنجامدەدرێ و بەدلّنیاییەوە, کریستۆف بلۆخەری سەربەحزبی گەلی سویسرا, مسۆگەرە.

بەخێربێنەوە بۆ دۆزەخ....هیچ کەس ئەمەی نەنووسیوە, بەرەیەکی هەلاّتووی پەنابەران پاش بێئومێدی لەدەولّەتە دراوسێیەکان, پاش بێئومێدی لەکوردستانی عێراق, پاش بئومێدی لە هانا و کۆمەك وپشتیوانی ڕێکخراوە نێودەولّەتیە دەولّەمەندەکان, ...حەشیمەتێکی ماندووی سەفەری دووری ئاوارەیی و دەربەدەری و ڕاکردن, ڕووی خۆیان بەرەو ڕووی مالّە ڕووخاو پەنجەرە شکاو وبێدەرگاکانی خۆیان بوونەوە.

بەخێربێنەوە بۆ دۆزەخ....یوئێن ڕایگەیاند کە بارودۆخی گەڕانەوەی عێراقیەکان بۆ بەغداد, هێشتا زووە بۆ تەعبیر لەئاسایش وباشتربوونی بارودۆخی ئەمنی شارەکانی عیراق, دەیان ڕۆژنامەنووس ئەوەیان دووپاتکردەوە کە دەسەلاّتدارانی کوردستان هەلومەرجی یەکجار قورسیان بۆ مانەوەی هەلاتوانی عەرەب داسەپاندووە, زۆرێك لە لێکۆلّەرەوە سیاسیەکان, ئیغرای پێدانی 800 دۆلار بەو خێزانانەی دەگەڕێنەوە لەسوریا لەلایەن مالکیەوە, بەفێلێك چواند, بەرێخستنی گەمپینی پروپاگەندەی گەڕاندنەوەی عێراقیەکان بۆ نێو دۆزەخێك کە لێوەی هەلاتبوون , بێئابڕووی حکومەتی مالکی دەردەخات, ژەنەڕالّی ئەمەریکی سپاسگوزاری خۆی بۆ دەولّەتی سوریا بۆ میواندداری پەنابەرە عێراقیەکان, نیشانەی ئەوپەڕی بێحورمەتیە بەئینسان.

بەخێربێنەوە بۆ دۆزەخ....ئەمە چارەنووسی ئەو دەیان هەزار کەسەیە کە لەبەردەرگای مالّەکانیان کە ئەگەر بتوانن و لەلایەن تاقمێکی ترەوە داگیر نەکرا بێت دەستێك بەرۆژی ڕووناك دەینووسێت. ئەم تابلۆیەی بەر حەوشە, خەوتوویی کۆمەلّگای ئینسانی یە و هەزار ئەسەف.